لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# حوکمی عابای ئافرەتان

# و

# مەرجەکانی

ئامادەکردنی

م . عدنان بارام

-------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

بـۆ هـەموو گەوهەرەیـەكی بـەنرخ ، بـۆ مرواریـە پارێزراوەكـان ، بـۆ ئـەو ئافرەتانـەی كـە بڕیاریـان داوە پۆشـاكی شـەرم و حـەیا لـە بـەر بكـەن ، چـونكە فەرمانی پەروەردگاریانە ، ئەوەش تەنها لە بـەر ڕەزامەنـدی ئـەو ، بـۆ ئـەوەی بـە بەهەشتی بەرین شاد بن .

**بۆ تۆ خوشكی موسڵمانم** : كە پێشـەوات خێزانـە بـەڕێزەكانی پێغەمبـەری خوایە ﷺ ، بۆ تـۆ كـە پاپەنـدی ئایەتـە پیرۆزەكـانی قورئـانی  و فـەرموودەكانی پێغەمبەری خوایت ﷺ، نەك پابەندی مۆدە و سەرگەردانبووی شوێنی ئەم و ئەو.

**بۆ ئەو خوشكانەم** : كە نایانەوێ هەڵخەڵەتاوی ئـەو كەسـانە بـن كـە بـەناو مافەكانیانەوە ئەیانەوێ پۆشاكی حیشمەتی لە بەر داكەنن ، ئەوەش نـەك لـە بـەر ئافرەتان بەڵكو لە بەر تێركردنی ئـارەزووە گڵاوەكانیـان ، بـۆ ئـەوەی لـە كۆتایـدا تۆی بەرێز وەكو گوڵێكی گەڵا هەڵوەریو بە جێ بهێڵن ! ! دوای ئەوەی وەكو بوكە شووشەی دەستی منداڵان یاری خۆیانت پێدەكەن ! ! !

**گەوهەرە بەنرخەكەم** : لەم نووسـراوەدا ئـەوەت بـۆ ڕوون دەكەمـەوە كـە ئەگەر تۆی بەڕێز كەوتیتە بەرچاوی نامەحرەمان ئەبێ چـیت بەسـەرەوە بێـت ؟ و مەرجەكانیشی چیـیە ؟ بۆ ئەوەی ئەو عیبادەتـەی كـە بڕیـارت داوە كـە ئـەنجامی

بدەیت ( كە حیجابەكەتە ) بێ كەم و كوڕی بێت و تیرو تەسەلتر بێت ، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی پەروەردگارت بە دەست بهێنیت ، و گەواهیەكی تەواویش بێت لە سەر ئیمانەكەت ، و پارێزەرێكیش بێت بۆ پاراستننت لە دونیاو دوا ڕۆژیشدا .

داواكارم پەروەردگار زیاتر یارمەتی دەری من و تۆش بێت بۆ جێبەجێ كردنی فەرمانەكانی و پابەندبوون بە ئاینە پیرۆزەكەی .

**خوشكی بەڕێزم** : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ [سورة الأحزاب : ٥٩] .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و كچەكانت و ئافرەتی بڕواداران بڵێ با جلبابەكانیان ( جلبابیش : واتە : عابا ) بدەن بە خۆیاندا ، ئەوەش نزیك ترە بۆ ئەوەی كە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

**تەفسیر و ڕاڤەی ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز :**

(ابن كثير) **ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی :** (يقول الله ــ تعالى ــ آمراً رسوله ﷺ تسليماً أنْ يأمر النساء المؤمنات . خاصة أزواجه وبناته لشرفهن . بأنْ يُدنين عليهن من جلابيبهن ليتميزن عن سمات نساء الجاهلية وسمات الإماء ، والجلباب هو الرداء فوق الخمار ، قاله ابن مسعود وعبيدة وقتادة والحسن البصري وسعيد بن جبير وإبراهيم النخعي وعطاء الخراساني) (١).

**واتە : خوای پەروەردگار فەرمان دەكات بە پێغەمبەرەكەی ﷺ كە فەرمان بكات بە ئافرەتانی بڕوادار ـ بە تایبەت خێزان و كچەكانی لە بەر ڕێز و پلەیان ـ كە ( جلبابەكانیان ) بە خۆیاندا بدەن ، بۆ ئەوەی جیا بكرێنەوە لە شێوە و شێوازی ئافرەتانی سەردەمی نەفامی ، و شێوە و شێوازی ئافرەتانی كەنیزەك ، (** جلباب **) یش ئەو پۆشاكەیە كە لە سەرەوەی سەرپۆشدا ئافرەتان دەیدەن بە خۆیاندا ( واتە : عابا ) ، ئەمەش ووتەی : (** ابن مسعود وعبيدة وقتادة والحسن البصري وسعيد بن جبير وإبراهيم النخعي وعطاء الخراساني **) یە .**

**هەروەها (** القرطبي **) ش ـ بەڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە تەفسیری ووشەی (** جلابيب **) فەرموویەتی :** (جمع جلباب : وهو ثوب أكبر من الخمار ، وروي عن ابن عباس وابن مسعود : أنه الرداء ، وقد قيل: إنه القناع ، والصحيح أنه الثوب الذي

---

( ١ ) تفسير القرآن العظيم لابن كثير : ( ٣ / ١٥١٠ ) .

يستر جميع البدن وفي "صحيح مسلم" [٢] عن أم عطية قلت : يا رسول الله ﷺ إحدانا لا يكون لها جلباب ؟ قال : لتلبسها أختها من جلبابها) [٣].

**واتە : ئەم ووشەيە كۆيە و تاكەكەشی ( جلباب )ـە : كە بريتیيە لە پۆشاكێكی گەورەتر لە سەرپۆش ، وە دەشگێڕنەوە لە ( ابن عباس ) ، و ( ابن مسعود ) ﵄ فەرموويانە: ( جلباب : بريتیيە لەو پۆشاكەی كە سەر شان و پشت و پێش پێ دادەپۆشرێت تا ئاستی ناوك ) ، وە ووتراوە : (قناع)ـە كە بريتیيە لەو پۆشاكەی كە هەندێك فراوانتر و گەورەترە لە سەرپۆش) ، بەڵام ووتەی ڕەوا ئەوەيە بوترێت : ئەو پۆشاكەيە كە هەموو لەش داپۆشێت ، هەروەكو لە "صحيح مسلم" دا هاتووە لە ( أم عطية ) ەوە كە فەرموويەتی : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر يە كێكمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی : با خوشكەكەی لە عاباكانی خۆی بداتی و لە بەری بكات .**

**شێخی پايە بەرزی ئيسلام و فەرموودە ناسی سەردەم (** محمد ناصرالدين الألباني **) بە ڕەحمەت بێت فەرموويەتی : (**ثُمَّ إنَّ الله تعالى ... **أمرها** - في الآية الأخرى - **إذا خرجت من دارها أن تلتحف فوق ثيابها وخمارها بالجلباب أو الملاءة لأنه أستر لها وأشرف لسيرتها** وهي قوله تعالى :

---

( ٢ ) صحيح البخاري رقم : (٣٢٤) وصحيح مسلم رقم : (٨٩٠) .

( ٣ ) تفسير القرطبي : (١٤ / ٢٤٣) ، **هەروەها بڕوانە** : "فتح القدير" للشوكاني : (٤ / ٣٠٤) .

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ [سورة الأحزاب : ٥٩] ... **والجلباب : هو الملاءة التي تلتحف به المرأة فوق ثيابها على أصح الأقوال** وهو يستعمل في الغالب إذا خرجت من دارها كما روى الشيخان و غيرهما عن أم عطية رضي الله عنها قالت :

" أمرنا رسول الله ﷺ أن نخرجهن في الفطر والأضحى : العواتق والحيض وذوات الخدور فأما الحيض فيعتزلن الصلاة ويشهدن الخير ودعوة المسلمين . قلت : يا رسول الله إحدانا لا يكون لها جلباب ؟ قال : لتلبسها أختها من جلبابها "(٤).

قال الشيخ أنور الكشميري في ( فيض الباري ) ( ١ / ٣٨٨ ) تعليقا على هذا الحديث :

( **وعلم منه أن الجلباب مطلوب عند الخروج وأنها لا تخرج إن لم يكن لها جلباب** .

**والجلباب رداء ساتر من القرن إلى القدم** )(٥) .

---

( ٤ ) صحيح البخاري رقم : (٩٧٤) وصحيح مسلم رقم : (٨٩٠) وصحيح سنن أبي داود رقم : (١١٢٤) وصحيح سنن الترمذي رقم : (٥٣٧) .

( ٥ ) جلباب المرأة المسلمة : (٨٢ - ٨٤) .

واتە : پاشان خوای پەروەردگار ... فەرمانی پێكردووە ـ لە ئایەتەكەی تردا ـ ئەگەر لە ماڵ چووە دەرەوە ، ئەوا لە سەرووی پۆشاك و سەرپۆشەكەشیەوە (جلباب) یان (عابا) بدات بە خۆیدا ، چونكە ئەوە زیاتر دەیپارێزێت ، و سەنگینترە بۆ ڕێكردنی ، ئەوەش لەم ئایەتەدا كە خوای پەروەردگار تێیدا فەرموویەتی : ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ .

**جلبابیش :** بریتی یە لە عابا كە ئافرەت خۆی پێدادەپۆشی لە سەر هەموو پۆشاكەكانیەوە ، لە ڕەوا ترین ووتەی زانایان ، ئەوەش زیاتر بە كاردەهێنرێت لە كاتی دەرچوونیدا لە ماڵ ، هەروەكو دوو شێخی پایە بەرز (البخاري و مسلم) و جگە لەوانیش بۆمان دەگێڕنەوە لە ( أم عطية )ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ كە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێكردین كە ئەمانە دەربكەین لە گەڵ خۆماندا : (كچانی پێگیشتو و ئەوانەش كە لە بێنوێژیدان و ئەوانەش لە ( خدردان / كە جێگایەكی تایبەتە بۆ كچان لە ماڵدا) سەبارەت بەوانەی كە لە بێ نوێژیدان ( حيض ) نوێژیان لە سەرنیە ، بەڵام خێر و پاڕانەوەی موسڵمانان دەبینن . دەڵێت : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر یە كێكمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی : با خوشكەكەی لە عاباكانی خۆی بداتی و لە بەری بكات .

شێخ ئەنوەری كشمیری لە (فيض الباري) لە ( ١ / ٣٨٨ ) دا سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی : **" لەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە جلباب پێویستە لە كاتی دەرچووندا ، وە ناشبێت بڕواتە دەرەوە ئەگەر جلبابی نەبێت .**

**جلبابیش : پۆشاكێكە سەرتا پای ئافرەت دادەپۆشێت "** .

وە زانای پایە بەرزی ئیسلام شێخ (**ابن باز**) لە واتای (**جلابيبهن**) **فەرموویەتی** : (والجلباب ما يوضع على الرأس والبدن فوق الثياب ، وهو الذي تغطي به النساء الرأس والوجه والبدن كله ...)[٦].

وە لە شوێنێكی تردا **فەرموویەتی** : (والجلباب : هو الرداء فوق الخمار بمنزلة العباءة)[٧].

**واتە : جلباب ئەو پۆشاكەیە كە ئافرەتان لە سەرەوەی جلەكانیانەوە بە خۆیاندا دەیدەن ، و سەرتا پایان دەگرێتەوە .**

**پاشان فەرموویەتی** : (ومن أدلة السنة أن النبي ﷺ لما أمر بإخراج النساء إلى مصلى العيد قلن : يا رسول الله إحدانا لا يكون لها جلباب ؟ فقال : النبي ﷺ : " لتلبسها أختها من جلبابها " (رواه البخاري ومسلم)[٨].

---

( ٦ ) فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز ، السؤال السابع ضمن (أسئلة وأجوبة بعد محاضرة "عمل المسلم") .

( ٧ ) فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز ، ضمن رسالة : (الاختلاط والسفور) .

فهذا الحديث يدل على أن المعتاد عند نساء الصحابة ألاَّ تخرج المرأة إلاَّ بجلباب)[9].

**واتە : وە لە بەڵگەکانی سوننەت ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا کاتێك فرمانی کرد بە دەرچوونی ئافرەتان بۆ شوێنی نوێژی جەژن ، فەرموویان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر یە کێکمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی : با خوشکەکەی لە عاباکانی خۆی بداتی و لە بەری بکات .**

**ئەم فەرموودەیەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەو سەردەمەدا ئەوە باو بووە لە ناو ئافرەتانی صەحابەدا کە نابێت ئافرەتان لە ماڵ بڕۆنە دەر بەبێ عابا .**

**هەروەها فەرموویەتی :** ( والجلباب : لباس تضعه المرأة فوق رأسها وعلى جميع بدنها فوق ثيابها العادية لمزيد الستر والبعد عن الفتنة . هكذا ينبغي للمرأة سواء كانت بدوية أو حضرية ، الواجب عليها أن تتمسك بحكم الإسلام وأن تجتهد في ستر عورتها ...)[10].

**واتە : جلباب : پۆشاکێکە ئافرەتان دەیدەن بە سەر سەر و هەموو لەشیاندا لە سەرەوەی پۆشاکە ئاساییەکانیانەوە ، بۆ زیاتر پۆشین و**

---

( ٨ ) صحيح البخاري رقم : (٣٢٤) وصحيح مسلم رقم : (٨٩٠) .

( ٩ ) فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز .

(١٠) فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز .

دووركەوتنەوە لە فیتنە . ئەم شێوەیە پێویستە لە سەر ئافرەتان ، خەڵكی گوندو لادێ بێت ، یان خەڵكی شارەكان ، پێویستە لە سەری پابەند بێت بە حوكمی ئیسلامەوە ، و كۆشش بكات و هەوڵبدات بۆ داپۆشینی عەورەتی ...

جارێكی تر شێخ ( **محمد ناصر الدين الألباني** ) بەرەحمەت بێت فەرموویەتی : (فالحقُ الذي يقتضيه العمل بما في آيتي النور[١١] والأحزاب[١٢] : أنَّ المرأة يجب عليها إذا خرجت من دارها أن تختمر وتلبس الجلباب على الخمار لأنه كما قلنا سابقا أستر لها وأبعد عن أن يصف حجم رأسها وأكتافها وهذا أمر يطلبه الشارع)[١٣].

واتە : بە پێی دوو ئایەتی سورەتی ( النور ) و ( الأحزاب ) ئەوە پێویست دەبێت كە ئافرەت ئەگەر دەرچوون لە ماڵەكەی ، خۆی داپۆشێت بەوەی كە لە سەر سەرپۆشەكەیەوە عابا بدات ، چونكە ئەوە ـ هەروەكو لە پێشدا ووتمان

---

( ١١ ) مەبەستی ئەم ئایەتەیە : ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاء وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [سورة النور : ٣١] .

( ١٢ ) مەبەستی ئەم ئایەتەیە : ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ سورة الأحزاب : (٥٩) .

(١٣) جلباب المرأة المسلمة ص : (٨٥) .

ـ پۆشـتە تـرە بۆیـان ، و دوورتـرە لـەوەی کـە قـەبارەو شـێوەی سـەر و شـانی دەربخات، ئەوەش کردارێکە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز لە ئافرەتان داوای دەکات.

وە فەرموویـــەتی : (واعلم أن هذا الجمع بين الخمار والجلباب من المرأة إذا خرجت قد أخل به جماهير النساء المسلمات فإن الواقع منهن إما الجلباب وحده على رؤوسهن أو الخمار وقد يكون غير سابغ في بعضهن كالذي يسمى اليوم بـ( الإشارب ) بحيث ينكشف منهن بعض ما حرم الله عليهن أن يظهرن من زينتهن الباطنة كشعر الناصية أو الرقبة مثلا)(١٤).

واتە : بزانە ئەوەی کە پێویستە لـە سـەر ئافرەتـان لـە سـەرپۆش و عابـا دان لــە گــەڵ یەکــدا لــە کــاتی دەرچــونیاندا ، ئافرتــانی موســڵمان زۆربــەیان کەمتەرخەمن تیایـدا ، چـونکە هـەروەکو لـە واقعـدا ئـەبینرێن یـان عابـا بـە تـەنها دەدەن بە سەریاندا ، یان سەرپۆش ، جاری واش هەیە داپۆشەری تەواو نیـیە لـە هەندێکیاندا ، وەکو ئـەوەی کـە ئـەمڕۆ پێـی دەووترێـت ( الإشارب ) بـە شـێوەیەك هەنـدێك لـەو بەشـانە دەردەکـەوێت کـە خـوای پـەروەردگار حـەرامی کـردووە لـە سەریان دەریخـەن لـە جوانیـیە شـاراوەکانیان ، وەك پرچـی پێشـە سـەریان یـان گەردنیان بۆ نمونە .

---

(١٤) جلباب المرأة المسلمة ص : (٨٥) .

# عابا تەنها بۆ كاتی دەرچوون نییە لەماڵ !

**شێخ ( محمد ناصر الدين الألباني ) بەرەحمەت بێت لە ڕوون كردنەوەیەك دا سەبارەت بە ووتەی شێخ** ( أنور الكشميري ) **فەرموویەتی :** ( ثُمَّ إنَّ قوله : ( والجلابيب عند الخروج ) لا مفهوم له إذ إن الجلباب لستر زينة المرأة عن الأجانب فسواء خرجت إليهم أو دخلوا عليها فلا بد على كل حال من أن تتجلبب ويؤيد هذا ما قاله قيس بن زيد :

( صحيح ) (إنَّ رسول الله ﷺ طلق حفصة بنت عمر ... فجاء رسول الله ﷺ فدخل عليها فتجلببت فقال رسول الله ﷺ : " إن جبريل أتاني فقال لي أرجع حفصة فإنها صوامَّة قوامَّة ، وهي زوجتك في الجنة " )[١٥].

**واتە : پاشان كە شێخ دەفەرمووێت : "عابا لە كاتی دەرچووندا دەبێت" هیچ واتایەكی لێرەدا نییە ، چونكە عابا بۆ شاردنەوەی جوانی ئافرەتانە لە نامەحرەم ، وەك یەكە ئەگەر ئەم بڕواتە دەروە ، یان ئەوان بڕۆنە ژوورەوە ، كە پێویستە لە هەردوو بارەكەدا هەر عابا بدات بە سەریدا ، ئەوەش پاڵپشتی ئەم ووتەیە بكات ئەو ووتەیەیە كە** ( قيس ) **ی كوڕی** ( زيد ) **فەرموویەتی :**

( ١٥ ) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٠٠٧) و "جلباب المرأة المسلمة" ص : (٨٧) .

کە پێغەمبەری خوا ﷺ حەفصەی کچی عومەری تەڵاق دا ... پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆشتە ژوورەوە بۆ لای ئەویش عاباکەی بە دا خۆیدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : جبریل هاتۆتە لام پێی فەرمووم : حەفصە بگەڕێنەوە چونکە زۆر بە ڕۆژوو دەبێت و بە زۆریش شەونوێژ دەکات ، خێزانیشتە لە بە هەشت دا .

# مەرجەکانی عابای ئافرەتان

( **اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء** ) لە فەتوای ژمارە ( ٢١٣٥٢ ) ەیان دا، لە بەرواری ( ٩ / ٣ / ١٤٢١ك )دا سەبارەت بەپرسیارێك فەرموویانە [١٦]:

(شوکر و ستایش تەنها بۆ پەروەردگار و درووود و سەلامیش لە سەر ئەو پێغەمبەرە بێت کە هیچ پێغەمبەرێکی بە دوادا نایەت ﷺ .. پاشان : ( اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ) چاوی خشاندووە و بەئاگایە لەو پرسیارەی کە لە لایەن ( عبد العزيز الدهام ) ەوە کراوە لە بەڕێز جەنابی موفتی هەموو وڵات ، کە لە ویشەوە نێردراوە بۆ ( اللجنة من الأمانة العامة لهيئة كبار العلماء ) بە ژمارەی ( ٩٣٤ ) و لە بەرواری ( ١٢ / ٢ / ١٤٢١ ) ی کۆچی دا .

( ١٦ ) اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ، **بە سەرۆکایەتی** :( الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن محمد آل الشيخ ) ، **و ئەندامێتی هەریەك لە** (الشيخ صالح بن فوزان الفوزان) ، و (الشيخ عبدالله بن عبد الرحمن الغديان) ، و (الشيخ بكر بن عبدالله أبو زيد) .

تیایدا پرسیاركار پرسیارێك دەكات ئەمە دەقەكەیەتی : " لەو دواییانەدا عابایەك بڵاو بووەتەوە بەشێوەی لەش دەدووررێت ، و تەسكیشە ، و لە دوو پارچەی تەنك لە قوماشی ( كرپ ) درووست دەكرێت و دوو دەربالّی فراوانیشی هەیە ، نەخش و تەتریزیشی پێوەیە ، و دەدرێت بە سەر شاندا [١٧]..

جا حوكمی شەرع چیەیە سەبارەت بەم جۆرە عابایانە ؟ وەلامّمان بدەنەوە خوای پەروەردگار پاداشتان بداتەوە ، پێشنیاری ئەوەش دەكەم ـ خوای پەروەردگار بتانپارێزێت ـ كە ووتەیەك ئاراستەی وەزارەتی بازرگانی بكەن بو رێگرتن لەم جۆرە عابایە و هاوشێوەكانی".

وە دوای لێكۆڵینەوە و تاوتوێكردنی لیژنە بەم شێوە وەڵام دەداتەوە كە عابای شەرعی بۆ ئافرەت بریتیەیە لە ( الجلباب ) : كە بریتیەیە لە ئەوەی كە مەبەستی شەرعی پێ جێبەجێ دەبێت لە داپۆشینی تەواو ، دوركەوتنەوە لە فیتنە ، لە سەر ئەم ووتەیەش پێویستە عابای ئافرەتان ئەم مەرجانەی تێدا بێت :

---

(١٧) **تێبینی :** ئەم جۆرە عابایە لە كوردستانی خۆماندا پێی دەوترێت (عابای خەلیجی) ، وە لە وولاّتانی خەلیجدا پێی دەوترێت (عابای فەرەنسی) ، وە شایەنی بیرخستنەوەیە سەپاندنی ناوی (عابا) بە سەر ئەم جۆرە پۆشاكە سەرنج ڕاكێش و ڕازراوەیەدا كە دەدرێت بە سەر شاندا یەكێكە لە پیلان و فێڵ و داوەكانی شەیتان و شوێنكەوتووەكانی بۆ سەرشێواندن لە ئافرەتی موسڵمانان .

**یەكەم :** ( أن تكون سميكة لا تظهر ما تحتها ، ولا يكون لها خاصية الالتصاق ) ، **واتە : ئەبێت ئەستووربێت ، بە شێوەیەك ئەوەی لە ژێریدایە دەری نەخات ، و بە لەشیشەوە نەلكێت ( واتە : سیفەتی لاستیكی تێدا نەبێت ) .**

**دووەم :** ( أن تكون ساترة لجميع الجسم ، واسعة لا تبدي تقاطيعه ) **، واتـە : ئەبێت هەموو لەش دابپۆشێت ، و فراوانیش بێت بەشەكانی لەش دەرنەخات .**

**سێیەم :** ( أن تكون مفتوحة من الأمام فقط ، وتكون فتحة الأكمام ضيقة ) **، واتە : ئەبێت تەنها لە پێشەوە كرابێتەوە ، و دەرباڵەكانیشی تەسك بێت .**

**چوارەم :** ( ألاّ يكون فيها زينة تلفت إليها الأنظار ، وعليه فلا بد أن تخلو من الرسوم والزخارف والكتابات والعلامات ) **، واتە : ئـەبێت هـیچ جـۆرە جوانیـەكی تێـدا نەبێت سەرنجی دەور و بەر بۆ خـۆی ڕابكێشـێت ، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت كـە ئەبێت دوور بێت لە هەموو وێنە و زەخرەفە و نووسین و نیشانەیەك .**

**پێنجـــەم :** ( ألاّ تكون مشابهة للباس الكافرات أو الرجال ) **، واتـە : ئـەبێت هاوشێوەی پۆشاكی ئافرەتانی بێ بڕوا نەبێت ، یان هاوشێوەی پۆشاكی پیاوان .**

**شەشـــــەم :** (أن توضع العباءة على هامة الرأس ابتداءً ) **، واتـــە : ئـــەبێت سەرەتاكەی بدرێت بە سەر سەردا نە شوێنی تر .**

لە سەر هەموو ئەوەی پێشوو ، ئەوە دەردەكەوێت كە ئەو عابایەی لە پرسیارەكەدا باسكرا عابایەكی شەرعی نیيە بۆ ئافرەتان ، بۆیە نابێت لە بەر بكرێت ، چونكە ئەو مەرجانەی تێدا نیيە كە پێویستە تێیدا هەبێت ، هەروەها نابێت هیچ عابایەكی تر لەبەر بكرێت كە ئەو مەرجە پێویستانەی تێدا نەبێت ، وە ناشبێت وەكو شتومەكی بازرگانی بهێنرێت ، و دروست بكرێت ، بفرۆشرێت ، و بایەخی پێ بدرێت لە ناو موسڵمانانەدا ، چونكە ئەوە بەشداری كردنە لە سەر تاوان و ستەم كردن ، خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ [المائدة : ٢] .

وە لیژنەش كە ئەوە ڕوون دەكاتەوە ، ئامۆژگاری ئافرەتانی بڕوادار دەكات بەوەی لە خوا بترسن و پابەندی تەواوی خۆداپۆشین بن بۆ جەستەیان ئەوەش بە عابا و سەرپۆش دان لە پیاوانی نامەحرەم ، ئەوەش گوێڕایەڵی بێت بۆ خوای پەروەردگار ، و پێغەمبەرەكەی ﷺ ، وە بۆ دووركەوتنەوە لە هۆكارەكانی فیتنە و تووشی فیتنە كردن .

سەركەوتنیش تەنها لە لای خوای پەروەردگارە .

**وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .**

# فەتوایەكی شێخ ( ابن العثيمين ) و ئامۆژگاری بۆ ئافرەتان [18]:

**پرسـيار :** ما حكم لبس العباءة التي في أطرافها، أو أكمامها قيطان أو غيره ؟

واتە: حوكمی پۆشينی ئەو عابايە چی كە لە لاكانی ، يان لە دەربالـّەكانی قـەيت يان جگە لەوە هەيە ؟

**وەڵام :** محرم حيث أنه يؤدي إلى الفتنة .

واتە : حەرامە چونكە ئەبێتە هۆی فيتنە .

پاشان ئامۆژگاری ئافرەتان دەكات و دەفەرمووێت :

**خوشكی موسڵمانم** : ژيری و بيری خـۆت بكـە بـە دادوەر و بـاش تێـڕوانين بكـە لـە پۆشـينت بـۆ عابـا ، ئايـا ڕێی تێدەچـێت جوانيـەك بـە جوانيـەكی تـر دابپۆشـی! وە ئايـا حيجـاب بـۆ ئـەوە شـەرع نـەكراوە كـە ئـەو جوانیيـە دابپۆشێت!!؟ جا با چاوڕۆشن بين لـە كردارەكانمانـدا ، وە ئـەوەش بـزانين : كـە دوژمنانی ئيسلام پيلان دەگێڕن دژ بە حيجاب ، جا ئەی خوشكی موسڵمانم خـۆت ڕزگار كە ، چونكە خۆشی دونيا خۆشيەكی كەمە ، دوارۆژ يش باشترە بۆ لـە خـوا

---

(١٨) موسوعة الفتاوى الإسلامية ، رقم الفتوى : (٤٥٢٧) .

ترسان ، نەکەی بوغرا بیت بە سامان وماڵەکەت !! وە بە جوانییەکەت !!! چونکە ئەو شتانە هیچ سوودت پێناگەیەنن لە لای خوا !!!

منیش لێرەدا ئەوەت یاد دەخەمەوە و دەتترسێنم بەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگری دۆزەخیان پێپیشان دراوە ، و زۆربەی ئەهلی دۆزەخ ئافرەت بووە ، وە ئاگادارت دەکەمەوە لەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە ئافرەتان فەرموویەتی کە تۆش یەکێکیت لێیان : "اتقوا الدنيا واتقوا النساء ، فإنَّ أول فتنة بني إسرائيل كانت في النساء" [١٩] ، واتە : لە فیتنەی دونیا بترسن و لە فیتنەی ئافرەتان ، چونکە یەکەم فیتنەی بەنی ئیسرائیل فیتنەی ئافرەت بووە ، وە خۆت ڕزگار بکە لە ئاگری دۆزەخ ، ئەوەش بزانە تۆ زۆر لەوە لاواز تری بەرگەی ئەو ئاگرە بگریت ، چونکە ئەگەر کێوەکان بخرێنە ناو ئەو ئاگرە دەتوێنەوە ، جا تۆ چیت ئەگەر بەراورد بکرێیت لە گەڵ ئەو کێوە سەرکەسانە ؟! جا خۆت ڕزگار بکە لەو ئاگرە ، و وەڵامی بانگەشە خوازی ڕەوایی بدەوە ، بشزانە : "أنَّ من ترك شيئاً لله عوضه الله خيراً منه" [٢٠] ، واتە : ئەو کەسەی لەبەر ڕەزامەندی خوای

---

(١٩) صحيح مسلم رقم : (٢٧٤٢) .

(٢٠) صحَّ هذا الحديث بلفظ : "إنَّك لن تدع شيئاً لله عزَّ وجل ، إلاَّ بدَّلك اللهُ به ما هو خير لك منه" أخرجهُ وكيع في "الزهد" : (٢ / ٦٨ / ٢) ، وعنه أحمد : (٥ / ٣٦٣) ، والقضاعي في " مسند الشهاب" رقم : (١١٣٥) وسندهُ صحيح على شرط مسلم قالهُ الشيخ المحدِّثُ العلاَّمة الإمام الألباني رحمه الله في " سلسلة الأحاديث الضعيفة" : (١ / ٦١ ـ ٦٢) ، أمَّا اللفظ الذي ذكرهُ الشيخ العلاَّمة ابن العثيمين رحمهُ الله فرغم اشتهارِهِ على ألسنة كثير من الدعاة

پەروەردگار واز لە شتێك بهێنێت خوای پەروەردگار لەو شتە باشتری پێدەبەخشێت ، وە تەنها دوارۆژیش شوێنی پاداشت و هەوڵەكانمانە با هەرچەند ئاواتەكانمان دوربێت ، جا نازانم چیت دەوێت لە پۆشینی ئەم عابا ڕازاوەیە كە بە سەدەها دەیكڕیت ؟! لە كاتێكدا كە دەخرێیتە ناو گۆڕەكەت هەرزانبایی ترین پارچەت پێوە دەپێچرێت !! ئایا ئەم عابایە سوودت پێدەگەیەنێت لە تاریكی قەبرەكەتدا ؟!! جا بیر لە خۆت بكەوە كە دەچیتە ئەو شوێنە .

---

والخطباء وغيرهم فلم أقف عليهِ في المصادر التي بحثتُ فيها عنه رغم أنَّ الشيخ الألباني رحمه الله قد ذكرهُ في كتابه الفريد : "جلباب المرأة المسلمة" ص : (٤٧) وقال : رواه أحمد بسندٍ صحيح ، والله أعلم .